http://jgarmianuniv.net https://doi.org/10.24271/garmian.37

# دەوڵەتی كوردستان لە ڕابردوو و ئێستادا ( كێشەی ویلایەتی موسڵ وەك بەربەست )

علی أحمد حسن
زانكۆی گەرمیان/ كۆلیژی زمان و زانستە مرۆڤایەتیەكان / خانەقین - بەشی مێژوو

## پوختە :

پاش هێرشی ئینگلیزەكان بۆ سەر عێراق و داگیركردنی شاری بەسرا لەبەهاری ١٩١٧ پاشان بەغدای پایتەخت و بەرەو پێشچون و هەڵكشانی سوپاكەیان بەرەو باكور بۆ داگیركردنی پایتەختی ویلایەتەكە كە شاری موسڵە دیارە پاش داگیركردنی شاری كەركوك لەمانگی ئەیلولی ١٩١٨ تەنها چەند میلێكیان مابوو پایتەختی ویلایەتەكە كە موسڵە داگیر بكەن رێكەوتننامەی ( مۆدرۆس ) لەهەمان ساڵدا لەنێوان ئینگلیزەكان و توركەكان ئیمزا كرا كەئیتر نابێت ئینگلیزەكان زیاتر پێشرەوی بكەن و لەم سەرو بەندەدا كێشەیەك سەریهەڵدا بەناوی ( كێشەی ویلایەتی موسڵ ) لەنێوان چوار لایەندا ( ئینگلیزەكان بۆنی نەوتیان كردبوو ویلایەتەكەیان بۆ خۆیان دانابوو بۆ ئەم مەبەستەش سەودایان لەگەڵ فەرەنسیەكان كردبوو فێڵیان لێكردبون كاتێك فەرەنسیەكان بە خۆیان زانی كار لەكار ترازابوو سەوداكە كرابو ) ( فەرەنسیەكان داوایان دەكرد چونكە لەسایكس بیكۆدا بەر بەشی ئەوان كەوتبو ) ( توركەكان داوایان دەكرد بەبیانوی ئەوەی تورك و كورد یەك نەتەوەیە ) هاوكات ژمارەیەكی زۆر لەسەرەك خێڵە كوردەكانیان بەتورك ناوەزەند كردبو، وایان ڕاگەیاند كە بەرژەوەندی ئابوری و پەیوەندی كۆمەڵایەتی ویلایەتی موسڵ زیاتر لەگەڵ ئەنادۆڵ گونجاوە كە بێگومان هەموو ئەمانە بەڵگەی پرچوپوچ و نابەجێن چونكە لایەنە ناكۆكەكانی كەلە پێشەوە ئاماژەمان پێكرد هیچیان ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو مافەیان بەسەر ویلایەتەكەدا نیە بەڵكو دانیشتوانی ڕەسەنی ویلایەتەكە كەبەشی هەرە زۆری كوردن ( بە موسڵمان و مەسیحی و یەزیدی و شەبەك و عەرەب ) و توركمانەوە هەر تەها ئەوان مافی ئەوەیان هەیە چارەنوسی ویلایەتەكە دیاری بكەن واتە ( خەڵكی ناوچەكەش داوای دەوڵەتێكی كوردی سەربەخۆیان دەكرد لەژێر ڕابەرایەتی شێخ مەحمودی مەلیك پایتەختەكەی سلێمانی بێت یان شاری موسڵ ) بەلام بەداخەوە تەنانەت لەلكاندنی ویلایەتەكەش بەعێراقەوە پرس و ڕاوێژ بە خەڵكەكەی نەكرا لەكاتێكدا دانیشتوانی ویلایەتەكە داوای دەوڵەتێكی سەربەخۆیان دەكرد
.

لەم توێژینەوەیەدا : دەمەوێت تیشك بخەمە شاری كەركوك لە بەڵگەنامەكانی لێكۆڵەرو نوسەرو خاوەن بڕیارە سیاسیە هەستیارەكان لە ئەمریكایی و بەریتانی و عوسمانیەكان دەربارەی كوردستانیەتی شاری كەركوك و چۆن دۆزینەوەی نەوت لەم شارە هەر لە بیستەكانی سەدەی ڕابردووەوە بو بە بەربەست و لەمپەر لەبەرامبەر دروست بوونی دەوڵەتی كوردیدا لەهەمان كاتدا یەكێك لە هۆكارە گرنگ و سەرەكیەكانی دەوڵەتی تازە دروستكراوی عێراق .

گرنگی ئەم بابەتە : لەوەدایە توێژەر بگەڕێ بەدوای فاكتەرە سەرەكی و جەوهەریەكانی ئەم پرسە كە چۆن سەریهەڵداو لەڕابردوو ئێستاشی لەگەڵدا بێ؟ بۆچی ڕێگربووە لەبەردەم سەربەخۆیی كوردستان !!

میتۆدی لێکۆڵینەوە : میتۆجی ئەم توێژینەوەیە میتۆدێکی شیکاری و بەراوردکاری یە بە سود وەرگرتن لە بەڵگە مێژووییەکان و سەرچاوە ڕەسەنەکان ڕاڤەکردن و شیکردنەوەیان بۆ تیشك خستنە سەر ئەم بابەتەوە دیاریکردنی دەرئە نجامەکان .

کێشەی توێژینەوە : کێشەی ویلایەتی موسڵە لەجەوهەیدا کێشەی کوردستان باشور بوو کە پێشتر لە ویلایەتی موسڵدا ، ویلایەتی شارەزوور بووە پایتەختەکەش شاری ( کەکوك ) بوو ، ئەو ویلایەتی شارەزوورەش لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە بە کوردستان دادەنرا ، بەشایەتی هەموو مێژوو نوسەکانی و ئە نسکلۆپید یای کە بە ( قاموس للاعلام ) ناوزەد کرابوو . هاوکات نەخشەی جوگرافیای عوسمانیەکان کەلە ساڵی ( ١٨٩٣ )سنوری نەتەوەکان وەك عێراقی عربی و ویلایەتەکانی شام بەدەستی عوسمانیەکان خۆیان سنوری ویلایەتی موسڵ نوسراوە کوردستان کەشاری موسڵ و کەرکوك دەکەوێتە ناو سنوری کوردستانەوە .

گریمانەی توێژینەوە : ئەو پلان و پرۆژانەی کە دەوڵەتە زلهێزەکان بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان هیچ لایەنێکی ماف و داواکاری خەڵکی کوردستانیان ڕەچاو نەکردبوو یان بەچارەنوسی گەلی کوردی بەش مەینەت کردوە لێکدانەوەو شیکردنەوە بۆ ئەو پرۆژانە ئەیکەین و گریمانەکان ئەخەینە ڕوو بەتایبەتی پرۆژەکانی بەریتانیای خاوەن هێز و دەسەڵات ئەو سەردەمە .

ئاما نجی توێژینەوەکە : ئەم توێژینەوەیە بەدوای ئەو هۆکارانەدا دەگەرێ کە بەربەست بوون لەبەردەم دروست بوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیدا دواتر هەموو ئەم کارەسات و مەینەتیانەی کە دوچاری کوردی بەش مەینەت بووە ، ئەم توێژینەوەیە هەموویان لە خاڵێکی گرنگ و جەوهەریدا کۆ ئەکاتەوە ئەویش (( کێشەی ویلایەتی موسڵە )) کەنەوت و سامانی سروشتی ئەم ویلایەتی هۆکاری هەرە گرنگ و جەوهەری بووە و بەربەستی ڕاستەقینە بووە لەبەردەم دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیدا و ئیستعماری ئەو کاتەی بەریتانی بەمەبەستی دەست گرتن بەسەر ناوچە نەوتیەکان ویلایەتەکە بەتایبەتی ( کانەکانی کەرکوك ) ، هاوکات بەرژەوەندیە سیاسیەکانی کە بریتی بوو لەوەی کە چەند حکومەتێکی دەسکەلای خۆی لە ناوچەکە دروست بکات ، ئەو حکومەتانە لەسەرێکەوە بینە بەربەستێك لەبەردەم تەوژمی کۆمۆنیزمی سۆڤیەت لەسەرێکی تریشەوە مەرامەکانی بەریتانیا بهێنێتە دی و بەرژەوەندیە ئابوریەکانی حۆشی بهێنێتەدی کەبریتی یە لە دەستگرتن بەسەر ئەو ڕێگا بازرگانیە گرنگەی کە بەکەکوك خانەقین و قەسری شیرین و کرماشان .

پەیکەری توێژینەوە : ئەم توێژینەوەیە لە دوو باسی سەرەکی و دەرئە نجام پێك دێت ، لە باسی یەکەم پێکهاتووە لە سێ تەوەر باسی دووەمیش لە چوار تەوەر ، لە باسی یەکەمدا دەربارەی کێشەی ویلایەتی موسڵ شی دەکەینەوە تەوەری یەکەم بنچینەی کێشەکان دەخەینە ڕوو تەوەری دووەم لیژنەی لیکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی وبڕیارەکانی سەبارەت بە چارەنوسی ویلایەتەکەودانیشتوانەکەی لەتەوەری سێیەمدا ڕێژەی کورد لە پێکهاتەی ویلایەتی موسڵدا و لەگەڵ خستنەڕووی هەندێك سەر ژمێری ی سەبارەت بە دانیشتوان و ڕەگەزیان .لەباسی دووەمدا تیشك دەخەینە سەر نەوت وەك هۆکاری یەکلاکەرەوە لە کێشەی موسڵدا ،تەوەری یەکەمان تەرخان کردووە بۆ ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵ ، تەوەری

دووەم كەركوك لەسەردەمی حكومەتەكەی شێخ محموددا تەوەری سێیەم دەربارەی كەركوك تەوەری چوارەمیش دەربارەی كەركوك ونەوت وململانێكان وەك بەربەست لەبەردەم دروست بونی دەوڵەتی كوردیدا ،بەم شێوەیە لەم دوو باسە و تەوەرانەدا توێژینەوەكە دەخەینە ڕوو

## باسی یەكەم : دەربارەی كێشەی موسڵ (١)

### تەوەری یەكەم: بنچینەی كێشەكە وەك كێشەی خاك و خەڵك

كێشەی موسڵ لەجەوهەریدا كێشەی كوردستانی باشور بوو ، كە پێشتر ویلایەتەكەی موسڵ ، ناوی ویلایەتی شارەزوور بوو پایەتەختەكەی شاری كەركوك بوو ، ئەو ویلایەتی شارەزوورەش لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە بەكوردستان دادەنرا بەشایەدی هەموو مێژوو نوسەكانی عوسمانی و ئەنسكلۆپیدیاكەیان كە بە (قاموس الاعلام) ناونرابوو .

( قاموس الاعلام ) لەباسی شارەزوورو كەركوكدا دەڵێ : كەركوك پایەتەختی شارەزووری كوردستانەو لەچواردا سێ بەشی كوردن بەشەكەی تریشی توركمان و گاورو جولەكەو عەرەبن .

مێژوو نوسەكانی روسیش لەسەر هەموویانەوە (مینورسكی) ویلایەتی موسڵیان هەربەكوردستان داناوە ئەو ئامارانەی كە هەر سێ دەوڵەتە ناكۆكەكەیش لەسەر ویلایەتی موسڵ داویانە بە(كۆمەڵەی گەلان – عصبە الامم) هەریەكەشیان بەنیازی خۆی دیسان هەر كوردیان بەبەشە زۆرەكەی ویلایەتی موسڵ داناوە هەرچەندە لەو سەردەمە زوركورد لە بەر ڕەش لە ١١ی ئازاری ١٩١٧ هێزەكانی بەریتانیا لەرێگای كەنداوەوە هاتن ، توانیان بە سەركردایەتی ژەنەراڵ ( ستانلی مۆد ) شاری بەغدا داگیر بكەن ، پاشان هێزەكانیان بەرەو باكور واتە كوردستان (ویلایەتی موسڵ ) هەڵكشان و شارەكانی كەركوك و هەولێریان داگیر كردوو بەرەو مەڵبەندی ویلایەتەكە بەرێكەوتن كەشاری موسڵ بوو ، تەنها ١٢ میلیان مابوو بگەنە ناو موسڵ ، كە ئاگربەستی مۆدرۆس لەلایەن بەریتانیاوە (بەناوی هاوپەیمانەكان) و عوسمانیەكان لە
(٣١ تا١ ١٩١٨) بەستراو لەسەر ئەوە ڕێكەوتن ناكۆكیەكانی نێوانیان بەئاشتی دانوستان چارەسەر بكەن . هەر هێزێكیش لەو شوێنانەی پێی گەیشتووە زیاتر پێشڕەوی نەكات ، لەمادەی شەشەمی ئاگربەستەكەدا هاتوە (( هاوپەیمانەكان بۆیان هەیە هەر شوێنێكی ستراتیژی داگیر بكەن ئەگەر بزانن كار لەئاسایش و هێمنیان دەكات )) لەمادەی شازدەهەمیشدا هاتووە (( دەبێ پاشماوەی هەموو هێزەكانی عوسمانی لە حیجازو یەمەن و سوریاو میزۆپۆتامیا( عێراق و كوردستان) تەسلیم بەنزیكترین سەركردەی هاوپەیمانەكان لەو ناوچەیە بكرێت )) بەلاَم هێزەكانی بەریتانیا بەسەركردایەتی ژەنەرەڵ (ولیام مارشاڵ) بەردەوام بوون لە پێشڕەوی كردن لە ( ١٨ تا٢ ١٩١٨) چونە شاری موسڵ و پاشان تەواوی ویلایەتی موسڵ كەوتە ژێر دەسەلاَتی بەریتانیا ، بە مجۆرە سەنتەری ویلایەتەكەو دەورو پشتی بەبێ شەڕ داگیر كرا دەوڵەتی عوسمانی ڕەخنەی لەم پەلامارو داگیر كردنە گرت و ناڕەزایی دەربڕی و بەو پێیەی كەلەگەڵ دەقی ئاگربەستەكەدا ناوگونجێت .

---

(١) ویلایەتی موسڵ لەئێستادا ئەم پارێزگایانە دەگرێتەوە :( موسڵ ، هەولێر ، دهۆك ، كەركوك ، سلێمانی ) واتە تەواوی كوردستانی باشور ( عێراق ) دەگرێتەوە جگە لەناوچە كورد نشینەكانی سەر بە پارێزگای دیالە و واسێ كەئەو كاتە سەربە ویلایەتی بەغدابوون .

لەهەمان کاتدا ئەو ناوچەیە( ویلایەتی موسڵ) بە پێی ڕێکەوتننامەی سایکس-بیکۆ بۆ فەرەنسا دانرابوو بۆیە ئەمانە لەنێوان بەریتانیاو عوسمانیەکان دواتریش لەنێوان عێرق و تورکیا کێشەیەکیان دروست کرد کەلەمێژوودا بەکێشەی (ویلایەتی موسڵ) ناسراوە ، کەمالیەکان لەتورکیا نوێنەریان لە پە یمانی لۆزان لە ٢٤ی تەموزی١٩٢٣ زۆر پیّ یان لەسەر ئەوە دادەگرت کە ویلایەتی موسڵ بەشێکی خاکی تورکیایە چەندها بیانوی پوچیان هێنایەوە: یەکەم: گوایە کوردو تورك یەك ڕەگەزن . دووەم : ناوی چەندەها عەشیرەتی ویلایەتەکەیان بەتورك ناوزەند کرد . سێیەم : وایان ڕگەیاند کە بەرژەوەندی ئابوری و پەیوەندی کۆمەلآیەتی ویلایەتی موسڵ زیاتر لەگەڵ ئەنادۆڵ گونجاوە .

لە ڕاستی دا گواستنەوەی کێشەی موسڵیش بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان پلانێکی ئینگلیزەکان بوو ، بە پێچەوانەی ڕێکەوتننامەی سیڤر بوو کە چارەی کوردستانەکەی دیاری کردبوو لەیەکێك لە ماددەکانی (٦٢ – ٦٣ – ٦٤) ی بەوەی کە خەڵکەکەی بۆیان هەیە بە ئارەزووی خۆیان بینە بەشێك لەو کوردستانە ئۆتۆنۆمەی کە بڕیاردرا لە بەشێکی کوردستانی باکور پێك بهێنرێت و بۆشی هەبێت بێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆش.

واتە گواستنەوەی کێشەی موسڵ بۆ سەر مێزی گفتوگۆ لە کۆمەڵەی نەتەوەکان دا هەم بۆ زیندەبەچاڵ کردنی ڕێکەوتن نامەکەمەکەی سیڤرو پاشگەزبوونەوە لەو بەڵێنەش بوو کە حکومەتی بریتانیا و حکومەتی عێراق لە ٢٥/ کانونی یەکەمی / ١٩٢٢ دا دابویان کە خەڵکی کوردستانی عێراق حکومەتی خۆیان دروست بکەن ، و هەم بۆ مسۆگەر کردنی سەرخستنی پلانی نویّ ی بریتانیا بوو بەسەر تورکیادا، چونکە بێگومان کۆمەڵەی نەتەوەکان پشتیوانی لەبەریتانیا زیاتر دەکات هەتا دەوڵەتە نوێیەکەی جمهوریەتی تورکیا .

سیاسەتە نوێیەکەی ئیستعماری بریتانیاش ئەوە بو کە وردستانی عێراق بە پێچەوانەی ویست و ئارەزووی خەڵکگەکەی بخاتە سەر حکومەتە عەرەبیەکەی بەغدای مەلیك فەیسەڵی یەکەم .

ئەو سیاسەتەی ئیستعماری بریتانیاش ڕەنگدانەوەی دەسکەوتە ئابووری و نەفتی عەسکەری و ستراتیژی و سیاسی یەکانی بریتانیا بوو کە دابەشکردنی کوردستان و بیّ بەش کردنی خەڵکەکەی لە مافی چارەی خۆ نوسین و دەوڵەتی سەر بەخۆدا و بە زۆر لکاندنی کوردستانی باشور بە عێراقەوە ، چاکتر دەهاتە دی هەتا کردنی کوردستان بە کۆلۆنیەکی خۆی ویان دەوڵەتێکی نیمچە سەربەخۆش ، دیارە لێکدانەوە و ریسواکردنی ئەو سیاسەتە ئیستعماریەدوژمن بە نەتەوەی کوردە ، کەمایەی هەموو کوێرەوەریەکانی ئەو چەرخەی بیستەیەمینیشمان بوو ، لێدوانی زۆر نوسین و باسی زۆری دەوێت کە لێرەدا جیّ ی نابێتەوە .

هەرچەندە لەدوای شەڕدا (( ئیستعماری بەریتانی )) لە ڕێکەوتن نامەی سیڤردا دانی بەهەقی نیمچە چارەی خۆنوسی کوردا نابوو ، و هەرچەندە سێروینستۆن چیر چیلی وەزیری موستەعمەراتی ئەوی دەمی ی بریتانیا لە کۆبوونەوەی قاهیرەی ساڵی ١٩٢٢ کە بۆ دیاری کردنی وەزعی عێراق بەسترابوو ، داوای کردبوو کە ئەمارەتێکی یەکگرتووی کوردی دروست کرێت تابکرێتە شورە لەنێوان تورکیاو دەوڵەتی عێراق سەر بەبەریتانیاو ئەوەبوو، هەر لەهەمان ساڵدا بریتانیاو عێراق پێکەوە دانیان نا بەمافی خەڵکی کوردستانی عێراق لەدروست کردنی حکومەتی خۆیاندا.

بەلاّم پاشان سیاسەتی وەزارەتی هیندی بەریتانیا سەری گرت کە دژی ئەو حکومەتە کوردیە بوو ، و لایەنگری ئەوە بوو کە بەزۆریش بێت بخرێتە سەر دەوڵەتی عەرەبی عێراقی فەیسەلەوە. بۆ جیّ بەجیّ کردنی ئەو سیاسەتە گلاّوەش کێشەی موسڵیان بردەوە بەردەست کۆمەڵەی نەتەوەکان :

تاكو سەرلەنوێ بڕیارێكی تری دەولی وەرگرنەوە بۆ ئەو بەزۆر خستە سەرەی كوردستانی باشور بەعێراقەوە . ئەگینا ئەنجامی هەمە پرسەكەی ئینگلیز بۆ سەپاندنی مەلیك فەیسەڵ مەرەكەبەكەی هێشتا ووشك نەبوبووەوە كەتێیدا هەموو خەڵكی سلێمانی هەر بەشداریان نەكردبوو چونكە سەربەخۆییان دەویست و هەموو لیوای كەركوكی ئەوی ڕۆژیش كە هەولێرو كۆیەو ڕەواندزیشی دەگرتەوە ، دژی مەلیك فەیسەڵ و چونە ژێر حوكمەكەی دەنگیان دابوو، خەڵكی بادینانیش داوای ئۆتۆنۆمیان كردبوو گەر خرانە سەر عێراق .

بەلام ئیستعماری ئینگلیزی لەخۆی وا رادەدیت كەلە كۆمەڵەی نەتەوەكان دا كێشەی موسڵ بەقازانجی خۆی لابەلا بكات و لەتوركی بەرێتەوە

## تەوەری دووەم

## لیژنەی لێكۆڵینەوەی نێو دەوڵەتی و بڕیارەكانی

ئەوەبوو لیژنەی لێكۆڵینەوە بەسەرۆكایەتی كۆنت تیلكی پێك هێنراو لەگەڵ نوێنەرانی حكومەتەكانی ئینگلیزو توركیەو عێراق بێ بەشداری نوێنەرانی خەڵكەكەی ویلایەتی موسڵ – دەست بەكاربوون و وای ئاف فرس وەزیری مفەوەزی سوید لە بۆخارست و كۆڵۆنێل پۆلیسی بەلچیكیش كرانە ئەندامی كۆمسیۆنەكە.

لەگەڵ هەموو ئەو ڕاستیانەی سەرەوەشدا ،لەگەڵ هەموو هەوڵو تەقەلا جیاجیاكانی ژێر بەژێرو ئاشكراو لە پەناو پێچی ئینگلیزو توركیا و عێراق دا لەڕاستی دا لێكۆڵینەوەی كۆمسیۆنەكە بە پێچەوانەی ئارەزووی هەر ( ٣ ) لایەنەكە بوو لەم مەسەلە هەرە گرنگانەی خوارەوە :

یەكەم: لیژنەكەی سەر بەكۆمەڵەی نەتەوەكان گەیشتە ئەم ڕاستیە كەكوردستانی باشور (ویلایەتی موسڵ) هەرگیز لەهیچ كات و زەمانێك دا بەشێك نەبووە لەعێراق، لیژنەكە ئەمەی خوارەوە دەڵێ :

( بۆ گەیشتن بەئەنجام لیژنەكە گەڕایەوە سەر مێژوو نووسان و جوگرافی زاناكانی كۆنی عەرەب هەروەها سوود لەژمارەیەك نەخشەی عەرەبی و سەدان نەخشەی سەردەمی سەدەی شانزەو سەدەی بیستەم وەرگیرا كەلە ئەوروپادا ئامادەكراون ، هەروا سوودیان لە كتێبەكانی گەشت و سیاحەت نامەی هەموو سەردەمەكان و كتێبەكانی جوگرافیای دواناوەندی قوتابخانەكانی میسر وەرگرت كەبەزمانی عەرەبی نووسراون.

سەرئەنجام لیژنەكە گەیشتە ئەوەی كەسێ ناوچە ناسراون، ئەوانیش : (عێراقی عەرەب ، الجزیرە ، كورستان ) .

سنوری عێراق لەباكورەوە لەهیت و تكریت و زنجیرە چیاكانی (حەمرین ) تێپەڕ ناكات . دڵنیا نەبوون كەبەشێكی ناوچەی ململانێ ڕۆژێ لە ڕۆژان بەشێك نەبووە لەعێراقی عەجەم .

لەهەموو ئەدەبیاتی جوگرافیادا هەر لەسەردەمی داگیر كردنی عەرەبەوە تا كاتی لێكۆڵینەوەی لیژنەكە لەساڵی ١٩٥٢ دا ناوچەی ململانێ نەباس كراوە نەبەبەشێك لەعێراق دانراوە . لای دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ ناوی عێراق نا ئاشنا بووە . بەلام بۆ عەرەبی عێراق ناسراو و ئاشناترە لە وشەی میزۆ پۆتامیای ئەوروپی( میزۆ پۆتامیا بەشی ڕۆژئاوای ناوچەی ململانێ دەگرنەوە ) .

دووەم : گەیشتە ئەم ڕاستیەش كەبەشێك نەبووە لەئەنادۆڵیش (واتە توركیە) لیژنەكە دەڵێ :

( ئەوەی حكومەتی توركیا باسی دەكات كەویلایەتی موسڵ بەشێك بووە لەئەنادۆڵ ، لیژنەكە پێی ڕاست نیە ،چونكە هەردوو ناوچەكە (ئەنا دۆڵ و ویلایەتی موسڵ) كوردستانی ڕۆژئاوا و سوریا لێكیان جیا دەكاتەوە ) واتە ویلایەتی شارەزور بووە، بەشێكە لەكوردستان ، نەلە عێراق و نەلەتوركیا .

سێیەم: زۆربەی زۆری خەڵكەكەی ویلایەتی موسڵ كورد بوونە :

جگە لەوەی كەزۆری كوردان لەترسی ڕەشبگیری خۆیان نەنوسیوەو خۆیان بواردووە لەسەرژمێر بەڵام بەو ئامارانەی ئینگلیزو توركیاو عێراقیش پێشكەشیان دەكەن هەر كورد بەشە هەرە زۆرەكەیە هەرچەند جیاوازیش هەیە لەئامارەكاندا ؛ بۆ نمونە ئینگلیز لە (٧٨٥) هەزاردا كورد بە (٤٢٤) هەزار دادەنێت و یەزیدیش بە (٣٠) هەزار واتە هەموو كورد (٤٥٤) هەزار. كەچی عێراق كورد بە (٤٩٤) هەزار دادەنێ و یەزیدیش بەپتر لە (٢٦) هەزار واتە هەموو كورد (٥٢٠) هەوار لە (٧٩٩) هەوار كەس دادەنێن مەسیحی و جولەكش (٧٩) هەزارێك دەبن . واتە :

ئاماری كوردەكان سی بەرامبەری عەرەب بووە و ئاماری توركەكان كە ئینگلیز بە (٦٥) هەزارو عێراق بە (٣٨) هەواریان دادەنێت پتر لە دە بەرامبەری توركمان بووە .

چوارەم : گوزەراندنی خەڵكی كوردستان لەگەڵ گاورەكان لەهی هەموو گەلانی تری ناوچەكە باشترو دۆستانە تر بووە، زۆر باش و برایانە بووە. واتە پێكەوە ژیانی كوردی موسڵمان و برا گاورەكانیش لەچاو هەموو گەلانی تردا باشتر بووە .

جگە لەوانە لەورد بونەوەی مێژوی ئەو سەردەمەدا ئەم ڕاستی یانەشمان بۆ دەردەكەون .

یەكەم : لەكاتێكدا زۆربەی زۆری خەڵكی ویلایەتی موسڵ كە كوردن ئازادی و سەربەخۆییان ویستوەو بەپێی ڕێكەوتننامەی سیڤریش كە چەندین دەوڵەتیش ئیمزایان كردبوو، هەر دەبو بەشێك بێت لەكوردستان بەڵام ئیستعماری بریتانیا بەزۆری زۆرداری ، بە جۆرەها فێڵبازی و فرتو فێڵ لكاندنی بەعێراقەوە، بەڵام ئەویش بەو شەرتانەی كەكۆمەڵەی نەتەوەكان بۆی دانابوو كە خۆشی و دەوڵەتە دەستچێنەكەی عێراقیش چەندین جار بەڵێنیان دا كە شەخسیەتی كوردانەو هەویەی نیشتمانی و زمانی كوردی و حوكمی خۆیی كوردی لەلایەن كوردانەوە بپارێزن ، بێ ئەوەی دەسكاری ڕوخساری نەتەوایەتی خۆیان و خاكەكەیان بكەن . واتە ئەوە ئەساسێكی قانونیە حكومەتی دیكتاتۆری بەغدا پێشێلیان دەكات نەك هەر بەڵێن و ئیلتیزاماتی دەوڵەتی عێراق بەرامبەر بەدەوڵەتانی دنیا پێشێل دەكات بەڵكو بەشێوەیەكی دڕندانەش درێژە دەدات بەسیاسەتی پاكسازی نەتەوەیی( التگهیر العرقی ) كە بەتاوانێكی جەنگ دادەنرێت و هەموو دنیا ڕسوای دەكات. كەچی ئەو حوكمە دیكتاتۆریە بەبارەبار درێژە دەدات بەسیاسەتی دەرپەڕاندنی خەڵكەكەو تەعریب كردنی ئەو كوردستانەی كە بەشەهادەی كۆمەڵەی نەتەوەكان بە پشكنینی دەیان سەرچاوەی جوغرافی و عەرەبی و دنیایی ساغ بۆتەوە كە هەرگیز لە هیچ سات و زەمانێك دا بەشێك نەبوە لەعێراق چ جای لەخاكی عەرەب .

واتە چیتر حكومەتی دیكتاتۆری عێراق مافی حكومڕانی بەسەر كوردستان دا نەماوە ئیتر خەڵكی كوردیش بۆی هەیە بەو شێوەی دەیەوێ چارەی خۆی بنوسێت . لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە كە :

دووەم : خەڵکی کوردستان لەهەل و مەرجی ئەم سەردەمەدا سوورن لەسەر پاراستنی برایەتی کورد و عەرەب و یەکێتی نیشتمانی ی عێراق و هەڵگرتنی دروشمی عێراقێکی دیموکراتی پەرلەمانی فیدراڵی یەکگرتوو. ئەم یەکێتیە راستەقینەی عێراق کە هەر لەسەر بناغەی سەلماندنی بوونی هەردوو نەتەوەی کوردو عەرەب لەسەر خاکی مێژوویی خۆیاندا، کەهەر لە سەر بناغەی وەك یەکی سیاسی و کۆمەلآیەتی و ئابوری، کەهەر لەسەر بناغەی دیموکراسی و سەلماندنی مافی مرۆڤ دادەڕێژێت و دەچەسپێت .

سێیەم : زۆر بەداخەوە سەرکردایەتی ئەو سەردەمەی کوردایەتی وەك پێویست کەڵکی د بپلۆماسی وەرنەگرت و درێژەی نەدا بە پشتیوانی کردن و هاندانی شەریف پاشاو دروست کردنی هەیئەتیش لە پاڵیا بۆ گەڕان بە ئەوروپاو دنیادا بۆ هەوڵدان بۆ پاراستنی سیڤرو کەڵك وەرگرتن لەبەیاننامەکەی بریتانیاو عێراق کە تێیدا پێکەوە حکومەتی کوردی عێراقیان سەلماندبوو لە ( ٢٥ ) ی کانونی یەکی ١٩٢٢ دابویان لەبەڵێنەکەی چیرچیڵ لەکۆبونەوەی قاهیرەدا .
ئەوەش باسێکە کەلێدوانێکی دورو درێژی دەویست با هەڵی گرین بۆ شوێن و کات و جارێکی تر .

## تەوەری سێیەم
## هەندێ سەرژمێری سەبارەت بە دانیشتوان و ڕەگەزیان

سەرژمێرەکانی تورك و بەریتانیا لە جیاکردنەوەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵدا لەڕووی ڕەگەزەوە لە یەك جیاواز بوون وەکو لە خشتەی خوارەوەدا بەدی دەکرێت . ( ١ ) هەردوولایان گومانیان لە ڕاستی ئەو سەرژمێریانە دەربڕی چونکە ئیمراتۆریەتی عوسمانی پێش جەنگ سیستەمی سەرژمێری بۆ ڕەگەزەکان نەبوو ، یان ناکرێت باوەڕ بەسەرژمێری تورکەکان بکرێت ، چونکە دەسەلآتی راستەقینەی بەسەر تەواوی ناوچەکەدا نەبووە ، یان دەوڵەتی عوسمانی نەخشەی ووردی نەبووە ، بایەخی سەرژمێری تورکەکان جێگەی گومانی ، چونکە مێژوویان لەسەر دانەنراوە .

| | هەڵسەنگاندنی ڕەسمی ویلایەتی موسڵ | سەرژمێری تورکی کە لە لۆزان پێشکەش کراوە | مەزەندەی ئەفسەرە بەریتانییەکان لەساڵی ١٩١٩ دا | مەزەندەی ئەفسەرە بەریتانییەکان لەساڵی ١٩٢١ دا | سەرژمێری ڕەسمی عێراق لەساڵانی ١٩٢٢-١٩٢٤ دا |
|---|---|---|---|---|---|
| کورد | | ٢٦٢.٨٣٠٠ | ئەم مەزەندەیە | ٢٢٤.٧٢٠ | ٤٩٤.٠٠٧ |
| عەرەب | | ٤٣.٢١٠ | لەسەر بنەڕەتی | ٧٨٥.٠١٢ | ١٦٦.٩٤١ |
| تورک | | ١٤٦.٩٦٠ | ئاینیە نەك لەسەر | ٦٥.٨١٥ | ٣٨.٦٥٢ |
| مەسیحی | | | ینەڕەتی ڕەگەز | ٦٢.٢٢٥ | ٦١٣٣١ |
| جو | | ٣١.٠٠٠ | | ١٦.٨٦٥ | ١١٨٩٧ |
| یەزیدی | | ١٨.٠٠٠ | | ٣٠.٠٠٠ | ٢٦.٢٥٧ |
| دانیشتوانی نیشتەجێ | | ٥٠٣.٠٠٠ | | | |
| دانیشتوانی کۆچەر | | ١٧.٠٠٠ | | | |
| سەرجەم | ٨٢٨.٠٠٠ | ٦٧٣.٠٠٠ | ٧٠٣.٣٧٨ | ٧٨٥.٤٩٨ | ٧٩٩.٩٩٠ |

(1) . league of Nations permanent commission Minutes of the session p:92.98.212

## خشتەی ویلایەتی موسڵ (١)

| | هەڵسەنگاندنی ڕەسمی ویلایەتی موسڵ | سەرژمێری تورکی کە لە لۆزان پێشکەش کراوە | مەزەندەی ئەفسەرە بەریتانییەکان لەساڵی ١٩١٩ دا | مەزەندەی ئەفسەرە بەریتانییەکان لەساڵی ١٩٢١ دا | سەرژمێری ڕەسمی عێراق لەساڵانی ١٩٢٢-١٩٢٤ دا |
|---|---|---|---|---|---|
| کورد | | ١٠٤.٠٠٠ | ئەم مەزەندەیە | ١٤٩.٨٢٠ | ٨٧.٩٠٠ |
| عەرەب | | ٢٨.٠٠٠ | لەسەر بنەڕەتی | ١٧٠.٦٦٣ | ١١٩.٥٧٢ |
| تورک | | ٣٥.٠٠٠ | ئاینیە نەك لەسەر | ١٤.٨٩٥ | ٩.٧٥٧ |
| مەسیحی | | ٣١.٠٠٠ | ینەڕەتی ڕەگەز | ٥٧.٤٢٥ | ٥٤.٦٣٤ |
| جو | | ١٨.٠٠٠ | | ٩.٦٦٥ | ٣.٥٧٩ |
| یەزیدی | | ٢١٦.٠٠٠ | | ٣٠.٠٠٠ | ٣٠.٢٥٧ |
| دانیشتوانی نیشتەجێ | | ؟ | | | |
| دانیشتوانی کۆچەر | | | | | |
| سەرجەم | | ؟ | ٣٥٠.٣٧٨ | ٤٣٢.٤٦٨ | ٢٩٥.٩٦٤ |

(١) . سەرژمێری لیواکانی ئەربیل و کەرکوك و سلێمانی ناتەواوە چونکە دابەش کردنی ئیدارییەکانی سەردەمی تورکی ناگونجێت لەگەڵ دابەش کردنی ئیدارییەکانی سەردەمی حکومەتی عێراق .

**باسی دووەم :**

**نەوت .. هۆكاری یەكلاكەرەوە لە كێشەی كەركوك و گەرمەسێر ( خانەقین ) دا**

بەشەكانی پێشوو لێكدانەوەی جۆراوجۆری كێشەی موسڵیان خستەڕوو. ئەگەر تەماشای دواوە بكەین خۆمان لەبارێكی باشتر دەبینین بۆ هەڵسەنگاندنی مەسەلەكە ، نوسەری ئەم دێڕانە وای بۆ دەچێ كەنەوت گرنگترین هۆكاری ڕەوتی ڕووداوەكانە . موسڵیش بۆ عێراق مەسەلەی ژیان یان مردن بوو ، بەلاّم نەوت لەدوا لێكدانەوەدا هەڵوێستی توركیاو ویلایەتە یەكگرتووەكان و فەرەنسای لەسەر لە كێشەكە دیاری كرد . تویژەر پێی وایە بەریتانیای مەزن لە پێناوی موسڵدا شەڕی نەكرد لەگەڵ توركیا چونكە چارەسەری ئاشتی یانە خەرجی كەمترەو دەیویست سەرئە نجام عێراق نەوتەكەی بداتێ . لەلایەكی دیكەوە بۆ ئەوە هەوڵی دا توركیا ئاشت بكاتەوە تا لەڕووسیای سۆڤێتی دوور بخاتەوە . هەروا تویژەر پێی وایە بەریتانیا پێشنیارەكەی توركیای ڕەت كردەوە بەوەی ئیمتیازی نەوتی بداتێ چونكە عێراق لەژێر ئینتیدابدا بوو و ئاسانتر بوو سەودای لەگەڵ بكات و ، بەریتانیاش تەنها بایەخی بەبەرژەوەندی خۆی دەدا ، بەلاّم قەزاو قەدەر بەرژەوەندی ئەوی لەگەڵ بەرژەوەندی عێراقدا گونجاندبوو. بەریتانیا هەمیشە ئەوی ڕەت دەكردەوە كە دان بنێ بەوەی نەوت پەیوەندی بەكێشەی موسڵەوە هەیەو ، هۆی ئەمەش بەڕای نووسەر ، هەوڵ دانبوو بۆ خۆ ڕزگار كردن لە تەنگ پێ هەڵچنینی ولایەتە یەكگرتووەكان . ئەمەو چیرۆكی نەوت، وەكو لەم دێڕانەی خوارەوەدا دەردەكەوێت ، لەخودی كێشەی موسڵ كۆنترە(١)

---

(١) سەبارەت بەگرنگیی نەوت لەسیاسەتی جیهاندا بڕوانە :

L.M Fanning Oil in the World War (New York 1922) F Oelaise Oil influence on Polities (London , 1922) Edward Mead Earle , Turkey , the Great powers and the Baghdad Railway (New York 1923) Ernest H. Davenport and Sidney R.Cooke THE Oil Trusts and Auglo- American Relations ( New York, 1924) : Louis Fischer , Oil imperialism ( New York, 1926) Anton Mohr, The Oil War ( New York , 1926): Lud Well Denny We Fight for oil ( New York, 1935) : Parker T. Moon, imperialism and World polities (New York, 1939)

### تەوەری یەكەم : ئیمتیازی نەوتی موسڵ

لەهەمان كاتدا بەریتانیای مەزن و عێراق گفتوگۆیان دەكرد بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازی نەوت بۆ كۆمپانیای نەوتی توركی و لە ئە نجامدا ئەو گفتوگۆیانە سەركەوتن لە ١٤ی ئازاری ١٩٢٥ دا مزاحم امین الپاچەچی ی وەزیری ئەشغالْ لە بری حكومەتی عێراق و ئیدوارد هێربرت كلینگ لەلایەن كۆمپانیای نەوتی توركیەیەوە ڕێكەوتنی بەناوبنگیان مۆركرد [١] . حكومەتی توركیا پێشنیارێكی ئیمتیازی نەوتی موسڵی خستە بەردەستی حكومەتی بەریتانیا و پرۆژەی ڕێكەوتنی لە ڕۆژی ١٩ی ئازاری ١٩٢٥ بۆ نارد ، بەلام حكومەتی بەریتانیا پێشنیارەكەی ڕتكردەوە [٢] ، بە پێی مادەی یەكەمی ڕێكەوتنی ئیمتیازی نەوت ، حكومەتی عێراق مافی ئیستسماری نەوتی دایە كۆمپانیای نەوتی توركی [٣] . مادەی دووەمیش دەڵێ ماوەی ڕێكەوتنەكە حەفتاو پێنج ساڵە . مادەی سێ یەمیش دەڵێ ڕێكەوتنەكە هەموو عێراق دەگرێتەوە ، جگە لەو زەویانەی لە ئێرانەوە دران بە عێراق ( نزیك مەندەلی ) ساڵی ١٩١٤ جگە لە وڵاتی بەسرە ، مادەی دەیەمیش دەڵێ كۆمپانیا ئەم داهاتانە دەداتە عێراق : تا تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر تەواوكردنی لولە كێشی نەوت بۆ بەندەری ناردنە دەرەوە ، بەشی عێراق بۆ هەر ( گن ) یَك نەوت چوار شلن زێرش دەبێت و ، هەر دە ساڵ پاش ئەوماوەیە ئەو بەشە زیاد یان كەم دەكرێت بە پێی ڕێژەی سەدی ی قازانج یان زیاتر لە پێنج ساڵی ڕابردوو ، بەو مەرجەی ئەو بەشە لە دوو شلن كەمتر نەبێت و لە شەش شلن زێڕ زیاتر نەبێت ، مادەی بیست و هەشتەم مافی ئەوەی دایە كۆمپانیاكە كە هەموو كەرەستە و مەكینەو

ئامرازو كەلوپەلی پێویست بۆ كارەكەی و هەموو كەرەستەیەك بێنێتە ناوەوە كە مافی سود لیَ وەرگرتنی هەیە. مادەی بیست و نۆیەمیش گوتی :دەبێت كارگەرانی كۆمپانیاكە لە ناو عێراقداو عراقی بن ، بەلام مەشق دەرو ئەندازیارو كیمیاوی و چاودێرانی كارو میكانیكی و كرێكاری شارەزا و نوسەرە مەكتەبیەكان دەتوانرێت لەدەرەوەی عێراق بهێنرێت ئەگەر كەسانێكی ئەوتۆ لە عێراق دەست نەكەون كەمەرجی پێویستی هەڵسان بەو كارانەی تێدا نەبێت بە پێی مادەی سی و چوارەمیش عێراقیەكان تاڕێژەی ٢٩٪ پتر بەشیاوی ئەو بەشانە دەزانن كە دەنێرێتە دەرەوە ، مادەی سی و پێنجەمیش وتی كە عێراق مافی خۆیەتی لە ئە نجومەنی بەڕێوەبردنی كۆمپانیاكەدا بەڕێوبەرێك دا بمەزرێنێت ، ( یاسین هاشمی ) سەروەك وەزیرانی ئەو كاتە بەڕۆژنامەی ( ئیستقلال ) ی گوت كە حكومەتەكەی ئەم ئیمتیازەی دایە كۆمپانیای نەوتی توركی چونكە پێویست بو عێراق مافە ڕەواكانی خۆی لەم ویلایەتەدا ڕابگەیەنێت كە توركەكان داوای دەكەن ، بەزووترین كات ئەو ڕاستیە بەسەر ئەو دەوڵەتانەدا تۆمار بكات كە نوێنەری ئەم كۆمپانیا دەكەن ، كە عێراق خاوەنی مافی ڕەوایە و ،حكومەت لی بزركردنی بەنرخترین هەل لە مێژووی سیاسی عێراق دەترساو ، توركەكان لەو جۆرە بارودۆخەداو لەكاتی گفتوگۆكردن لەسەر هەمان شوێن ئیمتیازی چستەریان ڕاگەیان

---

(1) The Time , March 18,1925

(2) العالم العربی ، ١٧ كانون الپانی ١٩٢٦.

(٣) بۆ ڕێكەوتنەكە بڕوانە : British Special Report,pp.303-315.

، بۆیە باشتر بوو عێراق پشتگیری ئەخلاقیانەی نەوتی تورکی ی بەهێز و مسۆگەر بکات و ، لەوانەیە ڕەت کردنەوەی ئەم ئیمتیازە کۆمپانیا خاوەن دەسەلاتەکان هان بدات بۆ پشتگیری داخوازی تورکیا لە ولایەتی موسڵ لەسەر حیسابی عێراق (١)

**تەوەری دووەم :**

**چەند مانۆڕ و سەوداکاریەك لە پێناوی نەوتی موسڵدا**

لە ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ دا ( بۆناریۆ )ی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا ڕایگەیاند کەبەریتانیەکان ئینتیدابیان لە عێراقدا لە پێناوی نەوتەکەی ناویٚ، گوتی گوایە سیستەمی فەرمانڕەوایی بەریتانیا ڕێگا بە حکومەت نادا قازانج بۆ خۆی لە ناوچەکانی ژێر ئینتدابدا وە دەست بێنیٚ [٢] ، لە ٢٣ی کانونی دووەمی ١٩٢٣ شدا کە کۆنگرەی لۆزان لە کێشەی موصلٚ دەکۆڵیەوە لۆرد کرزن کە ئاماژەی بۆ مەسەلەی نەوت کرد ، ڕایگەیاند کە گوتراوە هەڵوێستی حکومەتی بەریتانیا لە بەدەستەوە نەدانی موسلٚ لە ژێر کارتێکردنی مەسەلەی نەوتدایە و ئەوەی ڕەت کردەوە کە نەوت پەیوەندیی بەم مەسەلەیەوە هەبێت و گوتی : کە کۆنگرەی لۆزان دەبەسترا سیٚ کەس لە ئەندامانی وەفدی تورکیا نێردرانە لەندەن بۆ ئەوەی پێشنیاری ئیمتیازی نەوت لە موسڵدا کە تورك نشین نەبوون بخەنە بەردەستی هێندیٚ لە داخوازیانی کاری نەوت لەبەریتانی یەکان ، بەلام کەزانیان هیچ کارێکی ڕاستەقینەیان بیٚ ئاگاداری ئەو پیٚ ناکریٚ ، بە پەلە گەڕانەوە ،[٣] لە لایەکی دیکەوە هەوڵی دا ڕای گشتی جیهان دژی بەریتانیا بوروژێنیٚ و ، لە کۆنگرەی لۆزاندا ڕایگەیاند بۆچی تورکیا لەبابەتی نەوتدا پێشتر و ئێستا و هەمیشەیی ئەوەیە کە جیهان ، پاش گەڕانەوەی موسلٚ بۆ تورکیا ، لە نەوتەکەی بیٚ بەش نەبن و ، بەزمانی بەرتیل دان گوتی :

هەروەها بڕوانە نوسراوی کرزن بۆ تایمس / ٣١ی تەموزی ١٩٢٤ بەم مانایە : عیسمەت پاشا ڕایگەیاند کە هەموو نێراوە تورکەکە ( نەك سیٚ کەس ) چوون بۆ لەندەن بۆ دڵنیا بوون لە شوێن و پایەی داریی هێندیٚ لە تاقمانەی داخوازی ئیمتیاز لە نەوتی موسڵدا دەکەن .

---

( ١ ) الاستقلال ، ٩ مارت ١٩٢٥.

(1)Quoted inDavenport and cooke,op .cit . 150.

(2) Cmd. 1814 .p,360.

توركيا بەڵێنی داوە هەموو كار ئاسانی يەكی لەبار بخاتە بەردەست بۆ ئەوەی جيهان لە ڕێگەيەكی ڕەواوە لەم نەوتە قازانج بكەن .[1] كە ( جۆزيف گرو ) ی سەرۆكی وەفدی چاودێرانی ئەمريكا لە دووەمين كۆنگرەی لۆزاندا هەستی كرد بەوەی ولايەتە يەكگرتووەكان ناتوانێ شان لە شانی ديبلۆماسی بەريتانيا و فەڕەنسا لە مەسەلەی نەوت بدات ، سەرۆكی وەفدی فەڕەنسای ئاگاداری كردەوە كە حكومەتی ئەوروپا پشتگيری لە داخوازی يانەی هاولاتيانی ئەمريكا لە ئيمتيازی توركی ناكات كەڕەنگە ئەو مافانە پوچەڵ بكاتەوە كە پێشتر هاولاتيانی ولاتيانی ديكە وەريان گرتووە [2] .كە ( هيووز )ی وەزيری دەرەوەی ئەمريكاش لە كۆنگرەيەكی ڕۆژنامە نوسيدا باسی پەيوەنديەكانی دەرەوەی ئەمريكای كرد، بەشێوەكی ڕوونتر ئاماژەی بۆ هەمان بيرۆكە كردو گوتی حكومەتی ئەمريكا بەشداری لە وەدەستهێنانی چەستەريدا نەكردو ئالوگۆڕی بەهيچ مافێك لە مافەكانی خۆی نەكرد بۆ وەدەستهێنانی ئەم يان هەر ئيمتيازە يان هەر ئيمتيازێكی ديكە، ئەوەشی دوپاتكردەوە كە هەڵوێستی ئەمريكا پشتگيری كردنی سياسەتی (دەرگای كراوە) و مامەڵەی ڕەوای هاولاتيانلا ئەمريكايە [3] .

تەوەری سێ يەم :

مەسەلەی كەركوك لە حكومەتەكەی شێخ محمودا .

يەكێك لەهۆكارە سەرەكيەكانی كێشەكە – لە هەووەڵەوە – مەسەلەی كەركوك بوو . شێخ مەحمود لە هەندێ گفتوگۆيانداكەبەر لەگەڕانەوەی بۆ سليێمانی لە ناوەڕستی ئەيلولی ١٩٢٢دا لە بەغداد لەگەڵ سێر پرسی كوكسدا كردبووی ، بەڵێنی دابوو كە خۆی لە ئيدارە و بەڕێوبەرانی ناچەكانی كەركوك و هەولير هەڵنەقورتێنێ ، كەركوك لەم سەر و لەوسەر بەندەدا ، بارودۆخێكی تايبەتی هەبوو : بەڕواڵەت سەر بەعێراق نەبوو : زمانی ڕەوسمی نێوان بەغدا و كەركوك زمانی توركی بوو ، قانونی عوسمانی وەك و جاری جاران لەگەڕدا بوو ، شارەوانی سەربەحۆيی تەواوی هەبوو ، ئالای عێراق بەسەر دەرگای قەلای شارەوە نەبوو .

پارێزگارێكی تورك بەهاوكارێكی ئينگلزی كەركوكی بەڕێوە دەبرد ، وێڕای هەر هەموو ئەمانە بەڕای يەكێك لە كارگوزەرانی ئينگلزی ئەو زەمانە ، كەركوك (( لە ڕستيدا بەجۆرێك بەڕێوە دەبرا وەك بڵێ ی بەشێك بوو لە عێراق .( هەڵبەتە بە زەبری گۆشكاری فەسەڵ ئەم وابەستەيەی كەركوك بە عێراقەوە ڕۆژ بە ڕۆژ زياتر بوو و كارگێڕانی ئينگلزی دەستوريان وەرگرت كە خانەدان و پياو ماقوڵانی كەركوك ناچار بكەن كە ڕازی بن ئەم ناوچەيە بەشداری ڕيفرانـدۆم و هەڵبژاردنی ئە نجومەن بكەن ( بڕوانە فەرمانی بەرواری ٢٣ /١٠ / ١٩٢٢ ی مەليك فەيسەڵ ) شێخ محمود بە ئاشكرا دژی ئەم ڕەوتە كاری دەكرد :بەلای ئەوەوە كەكوك ناوچەيەكی كورد نشين بوو ، هەرچەندە دانيشتوانی شاری تركمان بو .( كورد و تركمان بوون و كورديش زۆرينە بوون نەك تركمان )... شێخ محمود لە مانگی ١٢/ ١٩٢٢دا دوو كەركوكلی زادەی كرد بە ياريدەدەری خۆی تا بەوە بيسەلمێنێت كەركوك بەبەشێك لە قەڵە مڕەوەكەی خۆی دەزانێ = واتە لە كۆتايی هەمان ساڵدا ڕۆژی كوردستان ، هەواڵی سەردانی سەرۆك عەشرەتيان بۆ سليێمانی بلاوكردەوە

(1) Cmd. 1814 .p,397.
(2) The new york Times , janury 24 , 1924.
(3) The new york Times , janury 24 , 1924.

**تەوەری چوارەم :**

**دەربارەی کەرکوك و نەوت و ململانێکان وەك بەربەست لە بەردەم دروستبوونی دەوڵەتی کوردیدا .**

لە کۆتایی سەدەی ڕابردووەوە لە کەرکوك نەوت دۆزراوەتەوە ، بەڵام دەهێنانی دواکەوتوە بۆ دوا ساڵەکانی ۱۹۲۰، لە سەردەمی عوسمانی دا ماوەی چەند سەدەیەك ناوەندی ولایەتی موسڵ لە ڕێککەوتنە نهێنیەکانی سایکس – پیکۆ دا بەر فەڕەنسا کەوت بو ، دوای تەواوبوونی شەڕ ، سەر وەزیرانی بەریتانیا ، لوید جۆرج فێڵی لە سەرووەزیرانی فەرەنسا ، کلیمانسۆ ، کرد. ولایەتەکانی شام موسڵیان گۆڕییەوە ، موسڵ درا بە بەریتانیا ، بەریتانیا ئەم فێڵەی لە فەڕەنسا کرد چونکە ئەیزانی نەوتی تێدایە ، فەرەنسا کاتێ بەوەی زانی ، سەوداکە کرا بو ، یەکێ لە هۆکرنگەکانی دروستکردنی دەوڵەتی عێراق و ، نوساندنی ولایەتی موسڵ بە عێراقەوە نەوتی کەرکوك بوو.

کەرکوك بەدرێژایی مێژوو ناوچەیەکی کوردنشین بوە ، بەڵا بۆ پاراستنی ئەو شارێیەی لە دیاربەکرەوە چوە بۆ کرماشان ، لەسەردەمی قەرە قۆینلو و ئاق قۆینلووەوە و ، دواتر لەسەردەمی عوسمانی بە درێژایی ڕێگاکە تورکمانیان تێدا نیشتە جێ کردووە ، هەر لەبەر ئەوەی خەتێکی باریکی ئیتنی جیاواز لە کورد و عەرەب ، لە ناوچەکانی تەلعەفەرەوە لە سنوری سوریا بەلای ڕۆژهەڵاتی موسڵ و ، خوارووی هەولێر ، کەرکوك دا بەرەو توزخورماتوو ، کفری ، قەرە تەپە ، تا خانەقین لەسەر سنوری ئێران درێژ دەبێتەوە .

ئەم خەنە ئیتنیە بە درێژی زەمان جێگیر بوون ، لەکاتی لە شکرکێشەکانی صەفەویشدا بەهێزتر کراون ،دەوڵەتی عوسمانیش دوای ئەوەی بەیەکجاری دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرت ، بەناردنی موچەخۆری تورك پشتیوانی کردون ، لەگەڵ ئەمەشدا تورکما هەمیشە کەمایەتی بچوك بوون ، لەناو دەریایەکی گەورەی ئیلاتی کوردا.

عەرەب وەکو زۆرایەتی یاکەمایەتی نەتەوەیی لەکەکوك نەبون ، هەندێ موچەخۆری تێدا بووە ،بەڵام قورسی دیمۆگرافیان نەبووە ، تادەوڵەتی عێراق دامەزرا ، ئەوسا ئیتر ژمارەی موچەخۆری عەرەب و ، دواتر عەشائیری عەرەب ،ڕوی لە زیادبوون کرد،لەم ڕووە لێرەدا دوو بەڵگە لەبارەی دابەشبوونی ئیتنی دانیشتوانی ناوچەکەو ، دەربارەی خاوەنێتی زەوی و زاری کەرکوك بە نمونە ئەهێنمەوە ، کەهیچیان کورد نەیکردون ، دەستی لە نوسینیان دانەبووە .

یەکەمیان بەڵگەی بەریتانیایە ،کۆرنوالیس موستەشاری وەزارەتی ناوخۆ ساڵی ۹۳۰ ئامادەی کردووە و مەندوبی سامی لە بەغداد ناردویەتی بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی حکومەتەکەی .

دووەمیان هەڵسەنگاندنی عەرەبێکی ئەمریکاییە ،نوسەری ئەمریکای بە ڕێچەڵەك مەسیحی فەلەستینی ( حنا بتاتو ) دەربارەی خاوەنێتی ئەرز لە عێراقی سەردەمی پاشایەتی دا لیستێکی ڕێکخستووە لەو لیستەدا زەویوزاری کەرکوك بە تاپۆ مۆڵکی چەند بنەماڵەیەکی ناسراوی کورد لەوانە : بەگزادەکانی جاف ، بابان ، ساداتی کاکەیی ، شێخانی تاڵەبانی ، سەیید ئەحمەدی خانەقابوو، هیچ بنەماڵەیەکی تورکمان یان عەرەب خاوەن موڵکی گەورە نەبوون لە کەرکوك

دەرەنجام :

١- بەریتانیا دژی هەمو ئەو داخوازیانە وەستا هەوڵی ئەوەی دەدا ویلایەتی موسڵ (کەرکوك و گەرمەسێر، خانەقین) بخاتە سەر ئەو دەوڵەتە عەرەبیەی کە لە هەردو ویلایەتی بەغدادو بەسرە پیکهاتبو دواتر بە عێراق ناسرا

٢- بەریتانیا لەمەدا مەبەستی دەست بە سەر ناوچە نەوتیەکانی ویلایەتەکە بەتایبەتی کانەکانی کەرکوك و گەرمەسێر ( خانەقین ).

٣- مەبەستی بوو بەرژەوەندیە ئابوریەکانی خۆی بهینیتە دی کە بریتی بو لە دەسگرتن بەسەر ئەو ڕێگا بازرگانیە گرنگەی کە بە کەرکوك و خانەقین و قەسری شیرین وکرماشاندا دەڕوات و دەریای ناوەڕاست بە هندستانەوە دەبەستێتەوە

٤- بەرژەوەندیە سیاسیەکانی خۆی بهێنێتە دی کە چەند حکومەتێکی دەسکەلای خۆی لە ناوچەکەدا دروست بکات لە لایەکەوە ببنە بەربەستیك لە بەردەم تەوژمی کۆمۆنیزمی سۆڤیەت و لە سەرێکی ترەوە مەرامەکانی بەرتانیا بهیننە دی

٥- بەریتانیا پەیمانی ١٩٢٢ی بە سەر عیراقدا سەپاند و هەڕەشەی لیکردن

ا/یان دەبێ پەیمانەکە پەسەند بکەن وەك چۆن بەریتانیا دایڕشتوە

ب/ یان ویلایەتی موسڵ دەخاتە سەر تورکیا

بە مجۆرە مەلیك فەیسەڵ و ئە نجومنی دامەزراندن و ئە نجومەنی وەزیران گشتیان ئامادە بوون ببنە نۆکەرو ئەڵقە لە گوێ ی بەریتانیا هەر تەنها لەبەر ئەوەی باشوری کوردستان ( ویلایەتی موسڵ )یان لە دەست نەچێت و کوردیش بکەنە ژێر دەستەو کۆیلەی خۆیان بۆیە بە پێی ئەم توێژینەوەیەو ئەو بەڵگەنامانەی کەخستمانە ڕوو دەردەکەوێت کە لە زۆربەی هەل و مەرجەکاندا ویلایەتی موسڵ و تەماحی زلهێزەکان بە سامانی سروشتی ئەو ویلایەتە هاوکات تەماحی هێزە ئیقلیمیەکانیش بەسامانی ئەو ویلایەتە ڕێگر بوە لە بەردەم دروست بوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا . هاوکات کانە نەوتەکانی ناوچەکانی گەرمەسێر بە تایبەتی کانەکانی خانەقین.

## سەرچاوە كان


### سەرچاوە كوردیەكان

- د. فاچل حسین ، كێشەی ویلایەتی موسڵ ، وەرگێڕان محمەد شاكەلی ، لەچاپی ساڵی (١٩٥٥) ی چاپخانەی (الرابگە)ی بەغداد وەرگێراوە، چاپی یەكەم- سلێمانی ١٩٩٩

-خولانەوە لەناو بازنەدا ،نەوشیروان مستەفا ، چاپی دووەم ، ١٩٩٩ ، چاپ و بڵاوبڵاوكردنەوەی : مەڵبەندی ئاوەدان ناونیشان .

Awadani nehringstr 14059 Berlin

- نەجم سەنگاوی ، كورد و سەركردەی ڕاپەڕین و شۆڕشەكان ١١٦٩ -١٩٩٥ ز ، چاپی یەكەم ،سلێمانی ، ساڵی چاپ ٢٠١٢ .

- لێكۆڵینەوەیەكی تایبەت لەبارەی مەسیحیەكان ویلایەتی موسڵ لە كتێبی ((charies)) ((London 1995))

Harry luke.Mosul and Its Minorities

### سەرچاوە عەرەبیەكان

- طه الهاشمي ،مزكرات طه الهاشمي ، ١٩١٩ – ١٩٤٣ ، ج١ ، بيروت ١٩٦٧ نوري عبدالحميد خليل ، التأريخ السياسي لأمتيازات النفط في العراق ١٩٢٥ – ١٩٥٢ بيروت ، ١٩٨٠ .
- عماد احمد الجواهري ، تأريخ مشكلة الأراضي في العراق دراسة في التطورات العامة ١٩١٤ – ١٩٣٢ ، بغداد ، ١٩٧٨ .
- الحسيني ، تأريخ العراق السياسي الحديث ، الجزء الثاني ص ١٠٥ -١٠٨ ( قرارات مجلس الوزراء الصادرة في تشرين الأول و تشرين الثاني و كانون الأول ١٩٢٥ ، بغداد ، مطبعة الحكومة ، ١٩٢٦ جلسة ٢٩/ ١٢/ ١٩٢٥ ص ١٢١ – ١٢٣ .

### سەرچاوە ئینگلیزیەكان

- L.M Fanning , oil in the word war (new York 1922)
- F. oelaise , oil .its in fluence on polities (London ,1922)
- The New York Time April 24/1926 Foreign policy Ass oeiation in formation service 11,p.77.
-The Times , March ,18 , 1925
- Edward Mead Earie The ((The Turkish Petroleum company)) in The political Science Quarterly P,277- 278.
- W.R.Hay ,Two years in Kurdistan (1921). E.B.Soane To Mesopotamia and Kurdistan in disguise (1922)

## -Abstract-

After the English attacked Iraq and took over the city (Basra ) in the Spring of 1917 ,after that the Capital (Baghdad ) and the rise and the Progress of their army towards the north to take over the Capital of the state which was (musil) . after they conquest (kirkuk) in September 1918 they were only a few miles away from taking over the state (musil) , ( Modros) contract, which was signed between the English and the Turkish in the same year it said that the English Should not go further by Inundating States, In this Situation a problem appeared called (( the problem of musil state)) between four sides (( The English smelled the oil and planned to takeover the state by themselves , and for that matter they bargained with the French and then manipulated them , but when the French knew all about it , it was too late and the bargain was already done , (( also the French de minded the state because the state was given to them as it said (syxe – picko)) in 1916 . ((the Turkish wended the state and as they said Kurds and Turks were one nation , so they said it was their right to take over the state mean while they called the Kurdish clan chiefs (( Turks)) . They announced that musil sates Economic advantage and social connections were similar to ardors , but of course none of these Excuses made any sense because all of those different sides which where mentioned before , never had any right on the state but the native inhabitants of the state owned that right who were most Kurds either were ( muslims or Christian or shabak or arabs tusk or ezidis ) they were the only people who had the right to decide their sates destination ( the people of the area demanded an independent government lead by (( shex mahomood malik )) also the capital could be sulaimani or musil – but un fortunately even when they united the state with Iraq they didn't negotiate with it's people when they wanted an independent state .

In this research : I want to point out kirkuk in the seeker documents and the American , British and otman empire about kirkuk and how they found oil in this city in the twenty's of the last century was a barrier and an obstacle when it came to build a Kurdish government , at the same time , one of the greatest reasons to make Iraq's new Government .